– پاشگری (– مەند) کە دەچێتە سەر هەندێك وشە جگە لە خاوەندارییەتی جۆرێك لە پیشەش دەگەیەنێت :–

بیر + (– مەند) ← بیرمەند

بەهرە + (– مەند) ← بەهرە مەند

کار + (– مەند) ← کار مەند

ئارەزوو مەند، هونەر مەند...... هتد.

دەچێتە سەر هەندێك وشە کە لە بنجدا لە زمانی عەرەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، وەك:– ((خێرمەند، زەرەرمەند، دەوڵەتمەند)).(1)

## 7 / پاشگری (– بەند) :–

ئەم پاشگرە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بەکاردەهێندرێت :–

- لەگەڵ هەندێ ناو دێت و واتای پیشە دەگەیەنێت، وەك :–

تەختە + (– بەند) ← تەختە بەند

((نال + (– بەند) ← نالبەند))(2)

لەگەڵ هەندێ ناودا بەرهەڵستی کاتێکردنی ئەو شتە دەدات کە ناوەکە دەینوێنێ :–

(( گولەبەند، فیشەکبەند))(3)

- بە واتای دیکەش، جگە لە پیشە دێت، وەك :–

ا. داپۆشینی ئەو شوێنە دەگەیەنێ : تیغ + (– بەند) ← تیغ بەند

ب. بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێ : کەمەر + (– بەند) ← کەمەر بەند

((لەگەڵ ئاوەڵکاردا بە واتای پاشگری (گر) دێت))(4) :– (پێشبەند، ناوبەند، پاشبەند)

## 8 / پاشگری (– دار) :–

ئەم پاشگرە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بەکار دێت، جگە لە خاوەندارییەتی واتای پیشەش دەگەیەنێت :–

---

(1) نوری عەلی ئەمین، وشەی ناسادە لە زمانی کوردیدا،ل 0248

(2) صادق بەهائەدین، ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێریاهقبەرکری،ل 0152

(3) عەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی،ل 0457

(4) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 0687

دوکان + (– دار) ← دوکاندار

ئاژەڵ + (– دار) ← ئاژەڵدار

چەکدار، باڵدار، سەردار، ڕێدار..... هتد.

– لە گەڵ هەندێك ناودا خاوەنداریەتی و جۆرێك لە حاڵەتی ئەو کەسە نیشان دەدات :–

برینداد، دڵدار......

– دەچێتە سەر ناوی واتاییش خاوەنداریەتیدەگەیەنێت، وەك :–

تامدار، سەرمایەدار، هیوادار، ڕێزدار..... هتد.

## 9 / پاشگری (– باز) :–

پاشگری (– باز) لەگەڵ ناوی سادەدا ، ناوی داڕێژراوی پیشە دروست دەکات، بەم واتایانەی خوارەوە :–

أ – مەیل و ئارەزوویەك دەردەخات کە بووبێتە پیشەی کەسێك، وەك :–

کۆتر باز، تەقلە باز، ئاگر باز (اللاعب بالنار)

لە گەڵ هەندێك ناودا بەخت کردن و فیداکاریان لێ زیاد دەکات :–

گیان + (– باز) ← گیانباز ((ئەو کەسەی گیانی خۆی لەپێناو شتێکا فیدا دەکا))(1)

تێبینی :– مۆرفیمی (– باز) لە وشەکانی ((سەرباز، دەرباز، ڕێباز....)) دا واتای پیشە نادات، ((بەڵکو لە هەر یەکێکیاندا واتایەکی تایبەتی هەیە)).(2)

## 10 / پاشگری (– واز) :–

ئەم پاشگرە لەگەڵ هەندێ وشەدا بە شێوەیەکی سست دەردەکەوێت :–

لە( باز ) ەوە بووە بە( واز ) , واتە (ب) بووەبە(و– W)

بە واتایەکی کارو پیشە :–

قومار + (– واز) ← قومار واز

((جیایی + (– واز) ← جیاواز))(3)

---

(1) عەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی،ل 0271

(2) لیژ نەی زمان، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی،ل 150.

(3) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، ل 0903

## 11 / پاشگری (– کار)

بۆچوونی جیاواز لە بارەی ئەم پاشگرە هەیە، هەندێ لە نووسەران بە وشەیەکی سەربەخۆی دادەنێن، کە لەگەڵ وشەیەکی سادە دا یەکدەگرێت، وشە تازە پەیدا بووەکە بە لێکدراو لە قەڵەم دەدەن.

هەندێکی دیکە وەکو پاشگر دایان ناوە، کاتێك کە دەچێتە سەر وشەیەکی سادە، وشە تازە پەیدا بووەکە بە داڕێژراو دادەنێن :–

بە بۆچوونی ئێمە :–

ئەم پاشگرە بەکارهێنانی فراوانە، دەچێتە سەر ژمارەیەك وشە، وەکو پاشگر ڕۆڵ دەبینێ و حیسابی بۆ دەکرێت، پیشەو کاری کەسێك یان شتێك دەردەخات :–

خوێندکار، جوانکار، شوێنکار، هاریکار، بریکار، ڕووکار..... هتد.

2 – لەگەڵ هەندێ ناوی سادەدا دێت، جگە لە نیشان دانی واتای پیشە دەشیکات بە ناوی کارا (اسم الفاعل) :–

((داواکار، ستەمکار، سەرکار)) (1)

## 12 / پاشگری (– ساز) :–

ئەم پاشگرە هەر لە کۆنەوە لە زمانی کوردیدا هەبووە، لەگەڵ ناوی سادەدا ناوی داڕێژراو بە واتای پیشە دروست دەکات :–

دان + (– ساز) ← دانساز

چەخماخ + (– ساز) ← چەخماخساز

بە هۆی ئەم پاشگرەوە چەندین زاراوەی نوێ داڕێژراوە، وەك :–

زاراوەساز، ڕەخنەساز، بیناساز...... هتد.

**یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم گروپە پاشگرە کە ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا دروست دەکەن ئەوەیە کە :–**

1. وشە نوێیەکان دەتوانن مۆرفیمێکی وشە داڕێژی دیکە، لەو کۆمەڵەی کە ناوی واتایی ساز دەکەن وەربگرن، وەك :–

---

(1) نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە زمانی کوردی،ل 025

باخ + (– ەوان) + (ـ ێتی) ← باخەوانێتی

تەنەکە + (– چی) + (– یەتی) ← تەنەکەچیەتی

گــــەل + (کـــار) + (ی) ← گەل کاری

لەسەر هەمان پێوانە چەند زاراوەیەکی زانستیی داڕێژراوە، وەك :–

1 – زاراوەی زانستی بیرکاری (( جیاکاری (التفاصل) )) [1]، تەواو کاری

2 – زاراوەی زانستی ئەندازە سایەکاری (التظليل)

3 – زاراوەی زانستی پزیشکی توێ + (– کار) + (ی) ← توێکاری

**– جگە لەو گروپە پاشگرەی کە باسمان کرد، هەندێ پاشگری دیکەش هەن، کە دەچنە سەر ناوی سادەو ناوی داڕێژراو بە مەبەستی پیشە ساز دەکەن، وەك :–**

**(– گر، –گیر، –گێڕ، –دەر، –بەر، –دە..... هتد)**

**1 / – گر** : باجگر، ڕێگر، جێگر، دەستگر..... هتد

**2 / – گیر** : بارگیر، کەفگیر..... هتد

**3 / گێڕ** : ((ئاو گێڕ، مەیگێڕ، ئاژاوەگێڕ، شۆڕشگێڕ))[2]

**4 / (– دەر)** : ڕەنجدەر، بەڵێندەر، شیردەر، دواندەر

**5 / (– بەر)** : ( فەرمانبەر )[3]، نامەبەر....

**6 / (دە)** : (( ئاڤدە، شویردە))[4]

## 2 / ڕەگ + پاشگر :–

هەندێك پاشگر هەیە لە زمانی کوردیدا، دەچنە سەر ڕەگی کارو ناوی داڕێژراوی پیشە دروست دەکەن، وەك :– (– ەر، – ەك، – ۆك، – ەلۆك، – نۆك، – یار، – نگ، – دە، ەلۆك.... هتد) :–

1 / (– ەر) : نوس + (– ەر) ← نوسەر، بێژەر، هۆنەر.....

2 / (– ەك) : کوژ + (– ەك) ← کوژەك، پەستەك

---

(1) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی،ل 040

(2) جەمال عەبدول، بەرکۆڵێکی زانستە زاراوە سازی کوردی،ل 019

(3) نوری عەلی ئەمین، وشەی ناسادە لە زمانی کوردیدا،ل 0257

(4) محەمەد تاهر گوهەرزی، ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی،ل 34.

3 / (– نۆك) :   ترس + (– نۆك) ← ترسنۆك، گرینۆك......

4/ (–ەڵۆك) : خواز + (ەڵۆك) ← خوازەڵۆك.

پاشگری ( – نۆك ) بەزۆری سیفەتی خراپ نیشان دەدات كە بووبێتە پیشەی كەسێك یان شتێك.

**4 / (– ۆك)** :   مژ (مژین) + (– ۆك) ← مژۆك

دز (دزین) + (– ۆك) ← دزۆك، گەڕۆك، جولۆك

**5 / (– یار)** :   نوس + (– یار) ← نوسیار، كڕیار

**6 / (– ندە)** :   كوژ (كوشتن) + (– ندە) ← كوشندە

فڕ (فڕین) + (– ندە) ← فڕندە

## 3 / ئاوەڵكار + پاشگر: –

هەندێ پاشگر لە زمانی كوردیدا هەیە، دەچنە سەر ئاوەڵكارو ناوی پیشە دروست دەكەن:–

**(– ەوا)** : پێش + (– ەوا) ← پێشەوا

**(– گر)** : پیشگر، ناوگر، پاشگر..... هتد.

4/ ڕۆنانی ناوی پیشە بە هۆی پیشگرو پاشگرەوە: (تێ) + كۆش + (– ەر) ← تێكۆشەر

## ناوی واتایی :–

لە زمانی كوردیدا ژمارەیەك پاشگر بەشداری لە دروستكردنی ناوی واتاییدا دەكەن، ئەو جۆرە ناوانە تەجریدو ئەبستراكت دەبەخشن، واتای خاسیەت و جۆرو چالاكییان، تێدایە، وەك:–

## أ – ناو + پاشگر :

ژمارەیەك پاشگر دەچنە سەر ناوی سادەو ناوی واتایی داڕێژراو ساز دەكەن :–

(– ەتی، یەتی، – ێتی، –انە، –ینی , – ەیی، – ندە .... هتد) :–

**1– پاشگری ( – ە تی ) :**

ا – لە گەڵ ناوی سادەی بەرجەستە , ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەكات، وەك :–

پیاو + (– ەتی) ← پیاوەتی

ب – لەگەڵ ناوی سادەی واتایی، ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەکات، وەك :–

برسی +ی (– ەتی) ← برسیەتی

**2– پاشگری (– یەتی) :–**

– لەگەڵ هەندێك ناوی سادە، ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەکات، وەك :–

دز + (– یەتی) ← دزیەتی

کەر + (– یەتی) ← کەریەتی

**<u>تێبینی</u>** :– پاشگری (– یەتی) شێوە مۆرفیمێکی دیکەشی هەیە، ئەویش پاشگری (–ێتی)یە، کە دەچێتە سەر هەندێك وشەی سادەو ناوی واتاییان لێ ساز دەکات، وەك :–

تینو + (– ێتی) ← تێنوێتی

ماندوو + (– ێتی) ← ماندوێتی

**3– پاشگری (– ایەتی) :–**

– ئەم پاشگرە بە زۆری لە گەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ ڕادەگەیەنن:–

مرۆڤ + (– ایەتی) ← مرۆڤایەتی

دوژمن + (– ایەتی) ← دوژمنایەتی

پیشمەرگایەتی، دەروێشایەتی ...... هتد.

– هەندێك جار پاشگری (– ایەتی) لە شێوەی (– اتی) دا دەردەکەوێت، وەك :–

(( شینك + (– اتی) ← شینکاتی))[1]

سەوز+ (– اتی) ← سەوزاتی، خوشکاتی , شەریکاتی

**4 – پاشگری ( – ێنی ) :–**

لەگەڵ هەندێك ناوی سادە، ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەکات، وەك :–

کوڕ + (– ێنی) ← کوڕێنی

کچ + (– ێنی) ← کچێنی

بوك + (– ێنی) ← بوکێنی

---

(1) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 501.

**5 – پاشگری (– انه ) : –**

پیاو + (– انه) ← پیاوانه

ژن + (– انه) ← ژنانه

**6– پاشگری ( – ینی )**

– ئەم پاشگرە، بەکەمی لەگەڵ چەند وشەیەکدا دەردەکەوێت، وەك : –

ماتەم + (– ینی) ← ماتەمینی

**7– پاشگری (– یی ) : –**

خۆ + (– یی) ← خۆیی

ئاسودە + (– یی) ← ئاسودەیی

کۆیلە + (– یی) ← کویلەیی

تەبایی، بەندەیی ...هتد

**8– پاشگری ( – ایی ) :–**

بارست + (– ایی) ← بارستایی

قورس + (– ایی) ← قورسایی

**9 – پا شگری ( – ندە ) : –**

گاز + ( – ندە) ← گازندە

**<u>تێبینی :–</u>**

**1– لە نێو ئەم گروو پە پاشگرەدا کە دەچنە سەر ناوی سادەو ناوی واتایی داڕێژراو ساز دەکەن، ((پاشگرەکانی (– ەیی ، – ینی، – ندە ) زۆر چالاك نین))(1).**

**2– هەندێك لەو پاشگرانەی کە ناوی واتایی ساز دەکەن، دەچنە سەر هەندێك ناوی سادەو ناوی داڕێژراو بەواتای شوێن سازدەکەن، وەك : –**

**– ە تی :**

**خۆشناو + ( – ەتی) ← خۆشناوەتی**

---

(1) شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی وڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا،ل 43.

**له تایبه‌تییه‌کانی ئه‌م گرووپه پاشگره که ناوی واتایی داڕێژراو ساز ده‌که‌ن، ئه‌وه‌یه :-**

((1 - جۆرێکیان ڕه‌گه‌زی وشه‌که ناگۆڕن، ته‌نیا به‌شه پۆلی وشه‌که ده‌گۆڕن، ئه‌وانه‌ن که ده‌چنه سه‌ر ناوی ساده.

2 - ئه‌وانی دیکه که ده‌چنه سه‌ر( ئاوه‌ڵناو - ژماره ) به‌شی ئاخاوتن ده‌گۆڕن))(1).

**- جگه له‌و کۆمه‌ڵه پاشگره که ئاماژه‌مان پێکرد، ژماره‌یه‌کی دیکه‌ش پاشگرله زمانی کوردیدا، هه‌یه، که ناوی واتایی دا ڕێژراو ساز ده‌که‌ن، وه‌ک :-**

**وار / - ه وار:-**

أ- ده‌چێته سه‌ر ناوی ساده، ناوی واتایی داڕێژراو دروست ده‌کات، وه‌ک :-

ئومێد + (- ه‌وار) ← ئومێده‌وار

دژ + (- وار) ← دژوار

ب - له گه‌ڵ ڕه‌گی کاردا، ناوی واتایی داڕێژراو دروست ده‌کات، وه‌ک : -

(( بین + ( - ه وار) ← بینه‌وار

بیست + (- ه‌وار) ← بیسته‌وار

چێژ + (- ه‌وار) ← چێژه‌وار ))(2)

**- ه‌واری :**

أ - ده‌چێته سه‌ر ناوی ساده، ناوی واتایی داڕێژراو دروست ده‌کات، وه‌ک :-

کورد + ( - ه‌واری) ← کورده‌واری

ب - ده‌چێته سه‌ر (قه‌د)ی کار. ناوی واتایی دروست ده‌کات، وه‌ک :-

خوێند + (- ه‌واری) ← خوێنده‌واری

**- بایی / ه‌بایی :**

پیرۆز + (- بایی) ← پیرۆزبایی

شیر + (- بایی) ← شیربایی

---

(1) شێرکۆ حه‌مه ئه‌مین قادر، مۆرفیمه به‌نده لێکسیکی وڕێزمانییه‌کان و ئه‌رکیان له دیالێکتی گۆراندا،ل 44.

(2) مسعود محه‌مه‌د، زاراوه‌سازی پێوانه،ل 203.

– ەوەری :

أ– لە گەڵ ناوی سادە، ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەکات، وەك : –

بەخت + ( – ەوەری ) ← بەختەوەری

یاد + ( – ەوەری ) ← یادەوەری

ب – لەگەڵ ئاوەڵناوی سادە، ناوی واتایی داڕێژراو ساز دەکات، وەك :–

کوێر + ( – ەوەری ) ← کوێرەوەری

– تی:

پاشگری ( – تی )، زۆربەکەمی لەگەڵ هەندێ وشەی سادەدا دەبیندرێ، ناوی واتایی داڕێژراو دروست دەکات، وەك :–

(( زارۆ + ( – تی ) ← زارۆتی ))[1]

– اڵەت :

ئەم پاشگرە لە وشەی ( ڕواڵەت )دا کە پێك هاتووە لە :–

ڕوو + ( – اڵەت ) ← ڕواڵەت

ناوی واتایی دروست کردووە، بەڵام ئەوە ساغ نەبۆتەوە، کە ئایا ئەم پاشگرە لەگەڵ وشەی دیکەدا هاتووە، ناوی واتایی دروست کرد بێت.

– ار :

دەچێتە سەر ڕەگی کاری ( ژیان ) – ( ژی ) و ناوی واتایی دروست دەکات : –

ژی + ( – ار ) ← ژیار

– اری :

(( ژی + ( – اری ) ← ژیاری ))[2]

– یاری :

ا – لەگەڵ ناوی سادە، ناوی واتایی دروست دەکات، وەك : –

بەخت + ( – یاری ) ← بەختیاری

---

(1) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی،ل 82.

(2) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 402.

ب – لەگەڵ ڕەگی کاردا، ناوی واتایی دروست دەکات، وەك : –

زان + ( – یاری ) زانیاری

**– یدە :**

فام + ( – یدە ) فامیدە

ڕۆژ + ( – یدە ) ڕۆژیدە

**– دە :**

أ – واتای پێشنیازو تێڕوانین دەگەیەنێ : –

مەزن + ( – دە ) مەزندە

ب – لەگەڵ ڕەگی کاری ( بوون ) واتای دەوڵەمەندی و هەبوون دەدات : –

بوو ( بوون + ( – دە )) بوودە.

**– ەکی :** (*)

لەگەڵ هەندێ وشەدا ناوی واتایی دروست دەکات : –

لاو + ( – ەکی ) لاوەکی

کار + ( – ەکی ) کارەکی ( العملي )

خوازەکی ( الارادي ) .

## ناوی شوێن : –

کۆمەڵێك پاشگر لە زمانی کوردیدا هەیە، کە بەشداری لە دارشتنی ناوی شوێندا دەکەن، وەك : – ( **– دان، دێن، – گە، – گا، – ەن، ( لان / – ە لان )، – ێن، –اوا، – جار، – ار، مان ...**)

### 1 / پاشگری ( – دان ) :

1 – دەچێتە سەرناوی سادەو دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە :–

شەکر + (دان ) شەکردان

خەڵوز + ( – دان ) خەڵوزدان

گوڵ + ( – دان ) گوڵدان

ڕۆندان، ئاگردان، خوێدان، کلدان ...هتد.

---

* جیاوازە لەگەڵ ( ەکی ) سیفەتی دانە پاڵ : دەشتەکی، دەرەکی، ناوەکی.

2– پاشگری ( – دان ) لە شێوەی ( – دانە ) ش دەردەکەوێت، وەك : –

هێلکەدانە، سیکە دانە ... هتد.

3– لە کرمانجی ژووروودا پاشگری ( – دان ) لە شێوەی ( – دانگ ) یش دەردەکەوێت :–

(( هەڤیر + ( – دانگ ) ← هەڤیردانگ

قەند + ( – دانگ ) ← قەندانگ))(تر)

بە بۆ چوونی ئێمە ( – دان ) پاشگرێکی چالاکە و بە بەریەوە هەیە کە زاراوەی نوێی پێ دابڕێژرێت هەروەك چۆن زاراوەی ((سەهۆڵدان)) * بە هۆی ئەم پاشگرەوە داڕێژراوە.

## 2/ پاشگری ( – دێن ) :

– کا + ( – دێن ) ← کادێن

**تێبینی** : – هەندێ بیری وا دێتە کایەوە کە (– دێن) شێوە مۆرفیمی (– دان) ە، بە هۆی گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی فۆنیمی (1) گۆڕاوە بۆ فۆنیمی (ێ).

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەمانە دوو پاشگری جیاواز بن، ساغ کردنەوەی ئەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە.

## 3/ پاشگری ( – گە ) :–

پاشگرێکی چالاکە , بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە سەر ناو، هەندێك جاریش دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە :–

أ – دەچێتە سەر ناوی سادەو جێگەو شوێن نیشان دەدات، وەك :–

ژوان + ( – گە ) ← ژوانگە

بار + ( – گە ) ← بارگە

پەسار + ( – گە ) ← پەسارگە

– هەندێ ناوی وەکو (ڕێ، جێ) ئەگەر چی بۆ خۆیان ناوی شوێن و جێگەن، لەگەڵ ئەوەش دا پاشگری (– گە) وەردەگرن :–

جێ + ( – گە ) ← جێگە

ڕێ + ( – گە ) ← ڕێگە

---

(تر) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی – ناو، ل0117

* پەیوەندیمان بەوەوە نییە، ئەم زاراوەیە پەسەند کراوە یان نا.

ئەنداز + (ـــ گە) ← ئەندازگە

ب — دەچێتە سەر ڕەگی کارو ناوی شوێن ساز دەکات، وەك :—

ڕوان (ڕوانین) + (ـــ گە) ← ڕوانگە

ج — دەچێتە سەر (چاوگ) و ناوی شوێن دروست دەکات، وەك :—

(( نیشتن + (ـــ گە) ← نیشتنگە ))[تر]

خواردن + (ـــ گە) ← خواردنگە

نوسین + (ـــ گە) ← نوسینگە

— پاشگری ( — گە ) دەچێتە سەرچاوگی ( پیشان ) کە بە سادەیی بەبێ مۆرفیمی ( — دان ) واتای نییە، وەك :—

پیشان + (ـــ گە) ← پیشانگە.

— چەند زاراوەیەك بەهۆی ئەم پاشگرە دارێژراوە، وەکو :

زاراوەی ((خەوگە))[یر] کە بۆ شوێنی (نوستن) لەبارە. زاراوەی ( پاڵێوگە) بۆ (مصفاة)

— پاشگری ( — گە ) لە کرمانجی ژووروودا لە شێوەی ( گەه) دەردەکەوێت.

## 4/ — گـا

— دەچێتە سەر ناوی سادە، ناوی دارێژراو بە واتای شوێن دروست دەکات، وەك :—

دەست + (ـــ گـا) ← دەستگا ( دەزگا )

تۆمار + (ـــ گا) ← تۆمارگا

— دەچێتە سەر چاوگ، ناوی شوێن دروست دەکات، وەك :—

خوێندن + (ـــ گا) ← خوێندنگا

## 5/ پاشگری ( — ەن)

— ئەم پاشگرە لەگەڵ هەندێ وشەدا، ناوی شوێن دروست دەکات :—

أ— لەگەڵ ناوی سادە، ناوی دارێژراو بە واتای شوێن دروست دەکات، وەك :—

پوش + (ـــ ەن) ← پوشەن

بەرد + (ـــ ەن) ← بەردەن

(1) گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل 0630

(2) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی، 89.

ب– لەگەڵ ئاوەڵناوی سادە، ناوی داڕێژراوی شوێن دروست دەکات، وەك :–

ڕەق + ( – ەن) ← ڕەقەن، لێژەن

((ڕووت + ( – ەن) ← ڕووتەن ))(تر)

جـ – لەگەڵ ڕەگی کار، ناوی داڕێژراوی شوێن دروست دەکات، وەك :

سوت (سوتان) + ( – ەن) ← سوتەن، ڕێژەن

د – لەگەڵ وشەی ( قۆپ ) کە بەتەنیا واتای نییە :–

قۆپ + ( – ەن) ← قۆپەن

## 6 / پاشگری (– لان / – ەلان) :–

ئەم پاشگرە لە کۆنەوە لە زمانی کوردیدا بەکار هاتووە، 1/ چوّتە سەر هەندێك ناوو جێگەو شوێنی ئەو شتەی نیشان داوە، وەك :–

کوندە + ( – لان) ← کوندەلان

مەشکە + ( – لان) ← مەشکەلان

2 / دەچێتە سەر ئاوەڵناوو (ناوی شوێن) دادەڕێژێت، وەك :–

نەرم + ( – ەلان) ← نەرمەلان

سەوز + ( – ەلان) ← سەوزەلان

## 7 / پاشگری (– ستان) :–

ئەم پاشگرە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا بەکار دەهێندرێت، دەچێتە سەر هەندێك وشەو ناوی شوێن دروست دەکات، وەك :–

أ – دەچێتە سەر ناوی میللەتان، شوێن و وڵاتی ئەو میللەتە نیشان دەدات :–

کورد + ( – ستان) ← کوردستان

هیند + ( – ستان) ← هیندستان

ب – دەچێتە سەر ناوی ڕووەك و شوێنی ڕووەکەکە دەگەیەنێت، وەك :–

گوڵ + ( – ستان) ← گوڵستان

دار + ( – ستان) ← دارستان

---

(1) نوری عەلی ئەمین، وشەی ناسادە لەزمانی کوردیدا،گۆڤاری کۆڕی زانیاری((دەستەی کورد))، ب29–30،ل247.

ج – دەلکێت بە ناوی زیندەوەر، شوێنی ئەو زیندەوەرە دەبەخشێت، وەك :–

مێروو + (– ستان) ← مێرووستان

د – دەچێتە سەر هەندێك ناو كە خۆیان شوێن و جێگەن، وەك :–

گـۆڕ + (– سـتان) ← گۆڕستان

جەنگەڵ + (– ستان) ← جەنگەڵستان

شـــار + (– ستان) ← شارستان

هـ – دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ناوی داڕێژراو دروست دەكات، وەك :–

تـاریك + (– ستان) ← تاریكستان

**تێبینی** :– پاشگری (– ستان) لە وشەی (زەیستان) و (بەهارستان) دا بەواتای شوێن نایەت.

## 8 / پاشگری (– خان) :–

ئەم پاشگرە چالاك نییەو مەودای بەكارهێنانی بەرتەسكەو تەنیا لەگەڵ چەند وشەیەكدا دەردەكەوێت :–

چرا + (– خان) ← چراخان

## 9 / پاشگری (– خانە)(*)

لەگەڵ ناوی سادە، ناوی شوێن دادەڕێژێت، وەك :–

كتێب + (– خانە) ← كتێبخانە

چاپ + (– خانە) ← چاپخانە

لەگەڵ ئاوەڵناودا دەردەكەوێت، شوێنی ئاوەڵناوەكە نیشان دەدات :–

نەخۆش + (– خانە) ← نەخۆشخانە

شـێت + (– خانـە) ← شێتخانە

---

* پاشگری (–خانە) لە وشەی (جامخانە) واتای شوێن و جێگە ناگەیەنێ، بەڵكو واتای (حاجز زجاجي) دەگەیەنێت، هەروەها وشەی (چراخانە) بەواتای (أظواء ساطعة) دێت.

دەستەی نوسەرانی کۆڕی زانیاری کورد، سەرەتا وەکو پاشگر ئاماژەیان بەمۆرفیمی (– خانە) کردووە، لەپاشدا بەبەراورد کردنی لەگەڵ زمانە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بۆیان دەرکەوتووە، کە وشەیەکی سەربەخۆی واتادارە.(١)

**10 / پاشگری (– جاڕ) :–**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناوو شوێنی ئەو شتە دەگەیەنێت، وەك :–

نێرگز + (– جاڕ) ← نێرگزەجاڕ

برنج + (– جاڕ) ← برنججاڕ

شتڵ + (– جاڕ) ← شەتڵ جاڕ

**تێبینی** :– هەندێ جار مۆرفیمی (– جاڕ) دەکەوێتە پێشی وشەکە، لەم ڕووەوە لە پاشگریی دەردەچێت، وەك :–

جاڕدان، جاڕچی، جاڕیان کێشا........

**11 / پاشگری (– وار / – ەوار) :–**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناوی سادە، ناوی داڕێژراو بە واتای شوێن دروست دەکات، وەك:–

شوێن + (– ەوار) ← شوێنەوار

لێـر + (– ەوار) ← لێڕەوار

گەڤن + (– ەوار) ← گەڤنەوار...... هتد.

**12 / پاشگری (– زار) :–**

لەگەڵ هەندێ ناوی سادەدا، ناوی داڕێژراوی شوێن دروست دەکات، وەك :–

گوڵ + (– زار) ← گوڵزار

لالە + (– زار) ← لالەزار

**13 / پاشگری (– مان) :–**

1 / دەچێتە سەر ناوی سادە، ناوی داڕێژراو بەواتای شوێن دروست دەکات :–

(( خەلە + (– مان) ← خەلەمان (خەرمان) ))(٢)

---

(1) لیژنەی زمان، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی،ل 094

(2) مەسعود محەمەد، زاراوە سازی پێوانە،ل 175.

تەی + (– مان) ← تەیمان

لەگەڵ هەندێ ناودا، لە شێوەی (– ەمان) دا دەردەکەوێت :–

دار + (– ەمان) ← دارەمان

هۆر + (– ەمان) ← هۆرەمان (هەورەمان)

2 / پاشگری (– مان) لەگەڵ ڕەگی کاردا ناوی داڕێژراوی شوێن دروست دەکات :–

نیشت (نیشتن) + (– مان) ← نیشتمان

**<u>تێبینی</u> :– پاشگری (– مان / – ەمان) لەگەڵ هەندێ وشەی دیکەشدادێت، بەڵام ناوی شوێن دروست ناکات، وەك :–**

**أ / دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاوەڵناو :– شاد + (– مان) ← شادمان**

**ب / دەبێتە هۆی دروستکردنی ناوی دیکە :– پەیمان، دروومان..... هتد.**

**<u>14 / پاشگری (– ایی) :–</u>**

1 / لەگەڵ ناوی سادە، ناوی شوێن دروست دەکات :–

دەشت + (– ایی) ← دەشتایی

ئـــاو + (– ایی) ← ئاوایی

2/ لەگەڵ ئاوەڵناو دا، ناوی شوێن دروست دەکات :–

بـــەرز + (– ایی) ← بەرزایی

تەخت + (– ایی) ← تەختایی

**جگە لەو پاشگرانە، ئاماژە بە چەند پاشگرێکی دیکەش دەکەین، وەك :–**

**– ێن**

(( ڕەق + (– ێن) ← ڕەقێن (جێگەی ڕەق و وشك) ))[1]

بەست + (– ێن) ← بەستێن

گەرم + (– ێن) ← گەرمێن

(1) گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل0302

- ین :

( شەو + (- ین) ← شەوین (جێگەی پشودانی ئاژەڵ لە شەودا))[1]

- گ :

خوڕ + (- گ) ← خوڕگ

ژوور + (- گ) ← ژوورگ

- ك :

سوّر + (- ك) ← سوّرك

شین + (- ك) ← شینك

- (- اوا / اوە) :

ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا بە دوای هەندێك (ناو) دا دێت و جێگە نیشان دەدات، بە زۆری دەبێتە ناو بۆ گوندەکانی کوردستان، هەندێك جاریش بۆ گەڕەکەکانی ناو شار:-

**1 / ناوی گوندەکان :-**

سمایلاوا، تۆبزاوا، ماستاوا، دەلتاوە (دەوڵەت + -اوە)، قاسماوا .... هتد.

**2 / ناوی گەڕەکەکانی ناو شار**

تەیراوە، عەلیاوە، بەلاشاوە، دۆلاراوە ..... هتد.

- کە :-

1 / دەچێتە سەر ناو، کۆکردنەوەی سیفەتێك لە شوێنێ دەگەیەنێ، وەك :-

لووت + (- کە) ← لووتکە

2 / دەچێتە سەر ڕەگی کار، ناوی شوێن دروست دەکات، وەك :

سووت + (- کە) ← سووتکە

- بەند :-

لەگەڵ هەندێ ناوی سادە، ناوی داڕێژراو بە واتای شوێن و جێگە دروست دەکات، وەك :-

(( ماڵ + (- بەند) ← ماڵبەند (مەڵبەند) ))

بە واتای (نیشتمان، جێ، ماڵ و ژیان، بنکەی ماڵ) ))[1]

(1) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 0494

- یان :-

گەرم + ( ـ یان) ← گەرمیان

(ڕێگە) باز + ( ـ یان) ← بازیان

## **ناوی بچووککراوە** : -

لەزمانی کوردیدا، کۆمەڵێك پاشگر هەن، کەناوی بچوککراوە دروست دەکەن، هەندێکیان جگە لە بچوککردنەوە واتای دیکەش وەك خۆشەویستی و نازداری یاخود شکانەوەش دەگەیەنن، بەکورتی باسی هەندێکیان دەکەین :

### أ- [ لە / ڵە ] و ئەلۆمۆرفەکانی : -

**(- لە ):**

1- دەچێتە سەر ناوی تایبەتی، ناوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك :

دەرزی + ( ـ لە ) ← دەرزیلە

دەزوو + ( ـ لە ) ← دەزوولە

2- دەچێتە سەرناوی گشتی، ناوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك : -

کاکە + ( ـ لە ) ← کاکەلە

برا + ( - لە ) ← برالە

**( - یل ):**

قشت + ( ـ یل ) ← قشتیل

قنج + ( ـ یل ) ← قنجیل ( خنجیل )

ورد + ( ـ یل ) ← وردیل

**(- یلە ):**

ئەنگوست + ( ـ یلە ) ← ئەنگوستیلە

کار + ( - یلە ) ← کاریلە

**(- ڵ ):**

شەق + ( ـ ڵ ) ← شەقڵ

---

(1) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 794.

چك + ( – ڵ ) ← چكڵ

**(– یلانه) :**

(( خنج + ( – یلانه ) ← خنجیلانه ))[1].

ورد + ( – یلانه ) ← وردیلانه

**(– ه ڵ) :**

1– دەچێتە سەر ناوی سادە، واتای بچووككردنەوە دەدات، وەك : –

تۆپ + ( – ه ڵ ) ← تۆپەڵ

– بە واتای كۆبوونەوە دێت : – كۆم + ( – ه ڵ ) ← كۆمەڵ

**(– ه ڵە) :**

كوپە + ( – ه ڵە ) ← كوپەڵە

تۆپ + ( – ه ڵە ) ← تۆپەڵە

گرد + ( – ەڵە ) ← گردەڵە

**(– ووله) :**

أ– دەچێتە سەرناوی سادە، واتای بچووككردنەوە دەدات : –

مێش + ( – ووله ) ← مێشووله

داس + ( – ووله ) ← داسووله

ب– دەچێتە سەرناوی سادە، گۆڕینی حالەت نیشان دەدات : –

دان + ( – ووله ) ← دانووله

**( – یلێ ) :**

( ناز + ( – یلێ ) ← نازیلێ

خەج + ( – یلێ ) ← خەجیلێ ) (*).

**بۆچوونی واهەیە, كەئەمەجارێك بچووككردنەوەیە, جارێكیش نیشانەی مێیە, كە(ێ)یە.**

---

(1) لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی، 52.

* ئەم جۆرە ناوانە دووجار بچووككراونەتەوە، جارێك بەبێ یاسا، جارێك بە یاسا.

**(– ۆڵ ) :**

1– دەچێتە سەر ناوی تایبەتی سادە، ناوی داڕێژراوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك:–

ئاسك + (– ۆڵ) ← ئاسكۆڵ

كرم + (– ۆڵ) ← كرمۆڵ

2– دەچێتە سەرناوی گشتی، واتای بچووككردنەوە دەدات،وەك:–

كاك + (– ۆڵ) ← كاكۆڵ.

**( – وڵە ) :**

1– دەچێتە سەرناوی سادە، واتای بچووككردنەوە دەدات، وەك : –

زەنگ + (– وڵە) ← زەنگولە.

كەم + ( – وڵە) ← كەمولە.

**( – ۆڵە ) :**

ئاسك + ( – وڵە ) ← ئاسكۆڵە

## <u>ب– [ كە ] و ئەلۆمۆرفەكانی :</u>

**(–كە ) :**

ئەم پاشگرە، لەگەڵ هەندێ ناوو ئاوەڵناودا، ڕۆڵی بچووككرنەوە دەبینێ، وەك : –

أ– لەگەڵ ناودا : –

لەت + ( – كە ) ← لەتكە

پوش + ( – كە ) ← پوشكە

ب– لەگەڵئاوەڵناودا : –

ورد + ( – كە ) ← وردكە

پەرت + ( – كە ) ← پەرتكە .... هتد

**(–ك )[*] :**

---

* پاشگری ( – ك ) لە وشەكانی ( دارك، نێرك ) دا واتای بچووككردنەوە نادات.

دەچێتە سەرناوی سادە , ناوی بچوککراوە دروست دەکات , وەك :ـ

پەت + ( ـــك ) ← پەتك

دەست + ( ـــك ) ← دەستك (دەسك)

(( پرت + ( ـــك ) ← پرتك ))[1]

**( ـ ە ك ) :**

أـدەچێتە سەرناوی سادە، ناوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك : ـ

کرم + ( ـــەك ) ← کرمەك

مێخ + ( ـــەك ) ← مێخەك

کەوش + ( ـــەك ) ← کەوشەك

ب ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی سادە، ناوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك : ـ

کورت + ( ـــەك ) ← کورتەك.

**( یك ) :**

ـ ئەم پاشگرە لەگەڵ هەندێ ناوی سادەدا، ناوی بچووککراوەی داڕێـژراو دروسـت دەکـات، وەك:ـ

پەل + ( ـــیك ) ← پەلیك

گوڵ + ( ـــیك ) ← گوڵیك

ناز + ( ـــیك ) ← نازیك

**( ۆك ) :**

أـ  دەچێتە سەر هەندێك ناوو واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێت، وەك :ـ

چنار + ( ـــۆك ) ← چنارۆك

بەر + ( ـــۆك ) ← بەرۆك

کیف + ( ـــۆك ) ← کیفۆك

(( تیر + ( ـــۆك ) ← تیرۆك ))[2].

---

(1) گیوموکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل 134.

(2) رەحمان ئیسماعیل حەسەن، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتی یەکان لە کوردیدا، 88.

ب– لەگەڵ هەندێ ناودا، واتای گردکردنەوەی شوێن یان بچووککردنەوە دەگەیەنێت، وەك:–

بەر + ( – ۆك ) ← بەرۆك

جـ – دەچێتە سەر ناوی تایبەتی، واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێت، وەك : –

حەمەد + ( – ۆك ) ← حەمەدۆك

سمایل + ( – ۆك ) ← سمایلۆك

**( – ۆکە ) :**

أ– لەگەڵ هەندێ ناوی سادەدا دێت، واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێت : –

منداڵ + ( – ۆکە ) ← منداڵۆکە

دەمار + ( – ۆکە ) ← دەمارۆکە

هەندێ جار جگە لە بچووککردنەوە، واتای ناوەکەش دەگۆڕێت، وەك : –

شەکر + ( – ۆکە ) ← شەکرۆکە

لەگەڵ ناوی دەنگی سروشتی دا دێت، واتای بچوککردنەوە دەگەیەنێت: –

باڕە + ( – ۆکە ) ← باڕۆکە

– دەچێتە سەر ناوی تایبەتی و گشتی مرۆڤ، واتای بچووککردنەوەو نازداری و خۆشەویستی یاخود شکاندنەوە دەگەیەنێت، وەك : –

کوڕۆکە، کچۆکە، ژنۆکە، فاتمۆکە، خدۆرکە...... هتد.

**( – وکە ) :**

أ– لەگەڵ ناوی سادە، ناوی داڕێژراوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك : –

مار + ( – وکە ) ← ماروکە

گوڵ + ( – وکە ) ← گوڵوکە (گوروکە)

**( – وك ) :**

گوڵ + ( – وك ) ← گوڵوك

دۆ + ( – وك ) ← دۆوك

**( – ولکە ) :**

جاش + ( – ولکە ) ← جاشولکە

دەتوانین زاراوەی نوێ، بەهۆی ئەم پاشگرەوە دابڕێژین — لەو بارانەدا کەوا بەبێ مەبەست شتێك دەردەکەوێت، بەوێنە : — زاراوەی ( بەرچك ) بۆ بەرهەمێکی یان ئاکامێکی چاوەڕوان نەکراو بەکار بهێنین. (1)

**( — چکە ) :—**

ئەم پاشگرە لەگەڵ هەندێ ناوی سادە، ناوی بچووککراوە دروست دەکات : —

پێ + ( — چکە ) ← پێچکە

گوێ + ( — چکە ) ← گوێچکە

ڕێ + ( — چکە ) ← ڕێچکە

**( — وچکە ) : —**

لەگەڵ هەندێ ناوی سادەدا، ناوی بچووککراوە دروست دەکات، وەك : —

قاپ + ( — وچکە ) ← قاپوچکە

بەرد + ( — وچکە ) ← بەردوچکە

دار + ( — وچکە ) ← داروچکە

**( — ۆچکە ) :—**

شار + ( ۆچکە ) ← شارۆچکە

دار + ( — ۆچکە ) ← دارۆچکە

مەڕ + ( — ۆچکە ) ← مەڕۆچکە

**( — یچك ) : —**

قەپ + ( — یچك ) ← قەپیچك

مەل + ( — یچك ) ← مەلیچك

**( — ێچکە ) : —**

ڕاو + ( — ێچکە ) ← ڕاوێچکە

---

(1) مەسعود محەمەد، زاراوە سازیی پێوانە، 181.

**پاشگرەكانی بچووككردنەوە لە ڕووی پێكهاتنەوە، دووجۆرن :–**

أ– سادە، وەك : –

**( – لە، – وڵە، – وڵ، – كە، – ك، – وكە، – چە..... )**

**ب– نادەسا، وەك : –**

**( – یلكە، – ولكە، – چكە..... )**

**یلكە** ← **( – یل ) + ( – كە )**

**ولكە** ← **( – ول ) + ( – كە )**

**چكە** ← **( – چە ) + ( – كە )**

– كاتێ كە باسی ناوی بچووككراوە دەكەین لەزمانی كوردیدا، بچوككردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ، هەرچەندە لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان ڕۆڵ نابینێ، بەڵام لەڕووی زاراوەسازییەوە سەرنجمان ڕادەكێشێ : –

أ– زۆربەی ئەو ناوە عەرەبیانەی كە هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە بەهۆی ڕێبازی بچوككردنەوە مۆركێكی كوردانەیان وەرگرتووە، وەك : –

| | |
|---|---|
| عائشە – ئایش | عوسمان – وسو |
| محەمەد – مەم | خدیجە – خەج |

ب– ئەو مۆرفیمانەی كە دەوری بچوككردنەوەی ناوی تایبەتی دەبینن، بەپێی جیاوازی شێوە زارەكان دەگۆڕێن. بە وێنە ( لە شێوەزاری هەورامیدا پاشگری (( – ڵێ )) [1] دەچێتە سەر ناوی تایبەتی مێینەو واتای بچوككردنەوە دەگەیەنێت، وەك : –

كناچ + ( – ڵێ ) ← كناچڵێ ( كچۆڵە)

بەڵام لەشێوەزارەكانی دیكەدا، ئەم پاشگرە كەم بەرچاو دەكەوێت.

جـ– زۆربەی ناوەكان لە شێوە بچوككردنەوەیەك زیاتر بەخۆیانەوە دەگرن، بەوێنە : – ئەگەر سەیری ناوی ( فاطمة ) بكەین، بەچەند شێوەیەك بچوك دەكرێتەوە : –

(( فاتم، فاتمۆك، فاتمۆكێ، فاتە، فاتیلێ، فاتمێ، فاتمیلێ، فاتیلە )).[2]

---

(1) محەمەد ئەمین هەورامی، زاری زمانی كوردی لە ترازووی بەراورد دا،ل 242.

(2) هەژار موكریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 515.

**– هەندێ پاشگری دیکەش هەن، کە واتای بچوککردنەوە دەدەن، بەڵام بەکەمی دەردەکەون و لەم ڕووەوە ڕۆڵیان ئەکتیڤ نییە، وەك : –**

**( – ژە ) :**

لاو + ( – ژە ) ← لاوژە

(( بۆق + ( – ژە ) ← بۆقژە ))[1]

دەتوانین زاراوەی (( بنەژە ))[2]، بۆ ئەو ڕووەکانە بەکاربهێنین، کە هەر بەبچووکی دەمێننەوەو نابنە ڕووەکی تەواو.

**( – یژە ) :**

ئاو + ( – یژە ) ← ئاویژە

بان + ( – یژە ) ← بانیژە

مار + ( – یژە ) ← ماریژە، کوڕیژە....

**(– یژگە ) :**

کوڕ + ( – یژگە ) ← کوڕیژگە

پیاو + ( – یژگە ) ← پیاویژگە

ژن + ( – یژگە ) ← ژنیژگە

**( – ژیلە ) :**

پاشگرێکی سستە، لەگەڵ چەند وشەیەکی کەم، واتای بچوککردنەوە دەدات، وەك : –

کار + ( – ژیلە ) ← کارژیلە

**( – ژۆڵە ) :**

پاشگرێکی سستە لەگەڵ هەندێ وشەدا، واتای بچوککردنەوە دەدات : –

کار + ( – ژۆڵە ) ← کارژۆڵە.

---

(1) گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل 102.

(2) مەسعود محەمەد، زاراوە سازی پێوانە،ل 171.

## جۆرەكانی دیكەی ناوی دارێژراو : -

### أ- ناوی خواردن و خواردنەوە : -

- لە زمانی كوردیدا چەند پاشگرێك هەیە، كە بەشداری لەدارشتنی ناوی خواردن و خواردنەوە دا دەكەن، باسی هەندێكیان دەكەین، وەك : -

### 1 / پاشگری ( - ێنە ) :

- ئەم پاشگرە هەندێك جار لەشێوەی ( - ەنە ) ش دەردەكەوێت، وەك : -

نیسك + ( - ێنە ) ← نیسكێنە

ماش + ( - ێنە ) ← ماشێنە

لەپ + ( - ێنە ) ← لەپێنە

- لە شێوەی ( - ەنە ) :

(( ئەشك + ( - ەنە ) ← ئەشكەنە ( گۆشتاوێكی خەست و خۆڵە) )).[1]

### 2 / پاشگری ( - ەوا ) :

دۆخ + ( - ەوا ) ← دۆخەوا (دۆغەوا)

ئارد + ( - ەوا ) ← ئاردەوا (شۆربای ئاردی گەنم)[2]

ماست + ( - ەوا ) ← ماستەوا، شیرەوا

### 3 / پاشگری ( - ینە ) :

دۆ + ( - ینە ) ← دۆینە

### 4 / پاشگری ( - ۆكە ) :

مزر + ( - ۆكە ) ← مزرۆكە

### 5 / پاشگری ( - ەمەنی ) :

- بەشداری دەكات لە دارشتنی ناوی پۆلێكی خواردن یان خواردنەوە، وەك : -

سارد + ( - ەمەنی ) ← ساردەمەنی

شیرین + ( - ەمەنی ) ← شیرینەمەنی

---

(1) عەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی كوردی،ل 157.

(2) سەرچاوەی پێشوو،ل 15.

شیر + ( – ەمەنی ) ← شیرەمەنی

**تێبینی** : – هەریەکە لەو پاشگرانەی کە ناوی خواردن و خواردنەوە دروست دەکەن، چەند جۆرێکی دیکەش لەناوی دارێژراودروست دەکەن کە باسمان کردوون.

**ب– ناوی خشڵ ( بابەتی ڕازاندنەوە ) : –**

هەندێك پاشگر ناوی خشڵ و بابەتەکانی ڕازاندنەوە دروست دەکەن، وەك : –

## 1 / پاشگری ( – وانە / – ەوانە ) :

لووت + ( – ەوانە ) ← لووتەوانە

پا + ( – وانە ) ← پاوانە

مل + ( – وانە ) ← ملوانە، چەپەوانە.... هتد.

## 2 / پاشگری ( – انە ) :

لەرز + ( – انە ) ← لەرزانە

## 3 / پاشگری ( – بەند )

قەنەفڵ + ( – بەند ) ← قەنەفڵبەند

کەمەر + ( – بەند ) ← کەمەربەند

مێخەك + ( – بەند ) ← مێخەکبەند

عاشق + ( – بەند ) ← عاشقبەند.... هتد.

## 4 / پاشگری ( – ە ) :

(( قەتار + ( – ە ) ← قەتارە ( زەنبەرێکی سەری ژنانە)) [1].

## 5 / پاشگری ( – ك ) :

(( قوفل + ( – ك ) ← قوفلك ( دەستبەندی ژنان ) )) [2]

## 6 / پاشگری ( – ەك ) :

کرم + ( – ەك ) ← کرمەك

## 7 / پاشگری ( – ۆکە ) :

---

(1) هەژار موکریانی، هەنبانەبۆرینە،ل 574.

(2) سەرچاوەی پێشوو،ل 566.

کرم + ( ـ ۆکە ) ← کرمۆکە.

## 8 / پاشگری ( – لە ) :

(( دەرزی + ( ـ لە ) ← دەرزیلە (پارچە خشلێکە بۆ سەر))) [1]

## 9 / پاشگری ( – اوکە ) :

خەن + ( ـ اوکە ) ← خەناوکە

## 10 / پاشگری ( – ەڵە / ەڵەکە ) :

گۆد + ( ـ ەڵە ) ← گۆدەڵە، گۆدەڵەکە

## 11 / پاشگری ( – ینگە ) :

خڕە + ( ـ ینگە ) ← خڕینگە

خڕینگە : 1– دەنگی وێککەوتنی خشلێ.

2– پارچە خشلێکە.

**<u>تێبینی</u> : – بەتەنیا بۆ ناوی ئەو خشڵەی کە دەکرێتە ( مل )، چەند پاشگرێك بەشداری دەکەن، وەك : –**

**(( ملوانە، ملوانك، ملۆ، ملوان، ملۆچکە، ملوێنە، ملوینکە ))[2]**

## <u>جـ– ناوی یاری : –</u>

لەزمانی کوردیدا، ژمارەیەك پاشگر هەیە، کەناوی یاری دادەڕێژن، وەك : –

## 1 / پاشگری ( – انێ ) :

پاشگرێکی چالاکە ژمارەیەکی زۆر لە ناوی یاری کوردی، بەهۆی ئەم پاشگرە دادەڕێژرێن:–

پەت + ( ـ انێ ) ← پەتانێ

موش + ( ـ انێ ) ← موشانێ

قاش + ( ـ انێ ) ← قاشانێ

**شوتانێ، جگانێ، کەلایانێ، جلێتانێ، هەلوکانێ، ماتانێ..... هتد.**

---

(1) هەژار مەکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 311.

(2) سەرچاوەی پێشوو،ل 813.

**2 / پاشگری ( – ێن ) :**

ئەم پاشگرەش لە دروست کردنی ناوی یاری چالاکە : –

(( تۆپ + ( – ێن ) ← تۆپێن

هەڵمات + ( – ێن ) ← هەڵماتێن

موش + ( – ێن ) ← موشێن ))(1).

**3 / پاشگری ( – ێنە ) :**

تۆپ + ( – ێنە ) ← تۆپێنە

جەگ + ( – ێنە ) ← جگێنە ( جەگێنە )

**4 / پاشگری ( – ەڵێن ) :**

باز + ( – ەڵێن ) ← بازەڵێن.

**5 / پاشگری ( – بازی ) :**

زۆران + ( – بازی ) ← زۆرانبازی

**6 / پاشگری ( ێ ) :**

غاردان + ( – ێ ) ← غاردانێ

**د – ناوی دیاردەو دەنگی سروشتی : –**

**( – ە ) :**

باڕ ( باڕاندن ) + ( – ە ) ← باڕە

گڤ + ( – ە ) ← گڤە

لوور + ( – ە ) ← لوورە

ئاگر + ( – ە ) ← ئاگرە

کۆک + ( – ە ) ← کۆکە

---

(1) نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، 12.

**هـ – ناوی کردە ( عملیە ) : –**

**( – ار ) :**

کوشت + ( – ار ) ← کوشتار

وت + ( – ار ) ← وتار

**( – یار ) :**

پرس + ( – یار ) ← پرسیار

**( – ەوە ) :**

کرد + ( – ەوە ) ← کردەوە

**و – ناوی ئامێرو کەرەسەی ڕۆژانە : –**

– **ەمەنی** : چاپ + ( – ەمەنی ) ← چاپەمەنی

– **ە** : گیر + ( – ە ) ← گیرە

– **ۆ** : سم ( سمین ) + ( – ۆ ) ← سمۆ

( – **ەک** : بەست ( بەستن ) + ( – ەک ) ← بەستەک

– **نگ** : بڕ ( بڕین ) + ( – نگ ) ← بڕنگ

– **ەک** : هێڵ + ( – ەک ) ← هێڵەک

– **کە** : پێچ ( پێچان ) + ( – کە ) ← پێچکە )(1).

– **ینگ** : کۆڵ ( کۆڵین ) + ( – ینگ ) ← کۆڵینگ (قولینگ)

**ز – ناوی باج : –**

**( – انە ) :**

سەر + ( – انە ) ← سەرانە

پوش + ( – انە ) ← پوشانە

مانگ + ( – انە ) ← مانگانە

---

(1) جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستە زاراوە سازی کوردی، 93.

**ح– ناوی گشتیی گیانلەبەر : –**

**( – ەوەر )**

پەل + ( – ەوەر ) ← پەلەوەر

گیان + ( – ەوەر ) ← گیانەوەر

زیند + ( – ەوەر ) ← زیندەوەر

**هەندێ پاشگری دیکە، کە ناوی جۆراوجۆر دادەرێژن : –**

| | |
|---|---|
| 1/ ( – ەلۆکە ) | ئاردەلۆکە، گێژەلۆکە |
| 2/ ( – ج ) | قنج ( ڕاست، زەق )، کونج، گنج، بنج، گرنج، توانج، سارنج، کاکنج |
| 3/ ( – اڵ ) | تویژاڵ، چنگاڵ، پوشاڵ، گۆپاڵ، پونگاڵ، چەپاڵ، ساماڵ، ژەنگاڵ، جۆماڵ، جەواڵ |
| 4/ ( – زاد ) | شێرزاد، ئادەمیزاد، نەوزاد |
| 5/ ( – وەر ) | مەرگەوەر، بوونەوەر، جانەوەر، زیندەوەر، پەلەوەر، بەختەوەر |
| 6/ ( – ژن ) | خوروژن ( بەخوور هاتنی هەموو لەش )، کرمژن، ئۆقژن ( ئارام )، هارژن، بارژن ( بارین ) |
| 7/ ( – ەشە ) | بانگەشە، بەیتەشە |
| 8/ ( – ەڵێ ) | باوەڵێ ( پیری پەککەوتوو )، سەوزەڵێ |
| 9/ ( – اڵك ) | کرێژ + ( اڵك ) ← کرێژاڵك، مەژاڵك، توێژاڵك. |
| 10/ ( – اچە / ەچە) | بنەچە، سەرەچە |
| 11/ ( – ێو ) | دەشتێو، دزێو ( ناشرین )، بزێو |
| 12/ ( – لەمە | (( ئاولەمە ))[1]، شەکرلەمە، دیشلەمە |

(1) عبەبدورەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، 90

| | |
|---|---|
| ) | |
| 13/ ( – لو ) | چـوارلو ( کوڕەبەشـە )، خورمـالو ( بـەری دارێکـە لـە تەماتەدەکات)، ئەرنالو، (( ولاّغلو ))[2]. |
| 14/ ( – ێز/ یز ) | لەنگ + ( – ێز) ← لەنگێز، جەنگێز |
| 15/ ( – کۆ ) | دڵکۆ، لاوکۆ، پاشکۆ، شێرکۆ، سەرکۆ... |
| 16/ ( – یتە ) | گۆپیتە، ئاویتە، پۆپیتە |
| 17/ ( – ێتە ) | ئاو + (ێتە) ← ئاوێتە، ڕەقێتە، پلێتە |
| 18/ ( – گ ) | مژگ، خولگ، بەرگ، پـەڕگ، ئـاوگ، تـەژگ، شـینگ، زەرگ، ژوورگ، پۆڕگ، مەلاژگ، لەژگ، چاوگ... |
| 19/ ( – یـنگ ) | (( گوڵینگ، زرینگ، خڕینگ ))[1]. |
| 20/ ( – ەنگ ) | ئاستەنگ، سەرەنگ، پێشەنگ، خوڕەنگ ( خواکرد ) |
| 21 / ( – نگ ) | بێژنگ، هۆشنگ، ئاونگ |
| 22/ ( – ینگە ) | خڕینگە، زڕە + ( – ینگە ) ← زرینگە |
| 23/(– مـۆ/ – ەمۆ ) | دەست + ( – ەمۆ) ← دەستەمۆ، ژیلەمۆ |
| 24/ ( – ەم ) | ئاست + ( – ەم) ← ئاستەم، بەڵغەم، پەرکـەم ( ئـەم پاشگرە لە دروست کردنی ژمارەی پلەیشدا بەشداری دەکات ) |
| 25/ ( – ەمین ) | ماتەم + ( – ەمین) ← ماتەمین. |

(2) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، 914.

(1) مەسعود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، 114.

| | |
|---|---|
| 26/( ـ چك/ ەچك) | بنچك، سەرەچك |
| 27/ ( ـ مە ) | کاشمە، کاڵمە، پڕمە، سوزمە، ستێرمە ( گرتنەوە )، سڕمە، سرێشمە / لوش + ( ـ مە ) ← لوشمە |
| 28/ ( ـ امە ) | کارامە، بەرامە |
| 29 / ( ـ نامە ) | ساڵنامە، ڕەگەزنامە، سوێندنامە، شانامە، فێرنامە (الشهادە الدراسیە ) |
| 30 / ( ـ ەرە ) | پەنج + ( ـ ەرە ) ← پەنجەرە، چوز + ( ـ ەرە ) ← چوزەرە ( نێرکی گیا )، دێوەرە. |
| 31 / ( ـ ۆر ) | بەستۆر، قاش + ( ـ ۆر ) ← قاشۆر |
| 32 / ( ـ یت ) | کۆڵ ( کۆڵین ) + ( ـ یت ) ← کۆڵیت |
| 33/ ( ـ نج ) | کۆڵ + ( ـ نج ) ← کۆلنج، ماڵنج، هێڵنج |
| 34 / ( ـ تك ) | نێرتك، شوورتك، مۆرتك، مەنتك، سورتك، ساپیتك |
| 35/ ( ـ یی ) | ئاسایی، خوایی، بایی، گیایی |
| 36/ ( ـ ەواڵە ) | ئاسنەواڵە ( وردەئاسن )، ووردەواڵە، زەردەواڵە |
| 37 / ( ـ دێر ) | چاودێر، ئاودێر، بەندێر ( ئامۆژگاری کەر ) |
| 38/ ( ـ اك ) | پۆشاك، پیتاك، باداك ( جۆرە گیایەکە لەدار دەئاڵێ ) خاشاك |
| 39 / ( ـ ۆدە ) | گیر + ( ـ ۆدە ) ← گیرۆدە، ئاڵۆدە |
| 40 / ( ـ انج ) | تیلم + ( ـ انج ) ← تیلمانج، قولانج |
| 41 / ( ـ گار ) | ڕۆژگار، ئامۆژگار، کردگار، پەروەردگار |

| | |
|---|---|
| 42 / ( – گاری ) | ئامۆژگاری، یادگاری |
| 43 /( – ێنە ) | زەردێنە، سپیێنە، ڕەشێنە، گلێنە، وڕێنە |
| 44 /( – اتە ) | سماتە، سپاتە ( بێ ژن و ماڵ ) |
| 45 /( – وێ ) | تـیرۆێ ( دارێکـی لێـڕەوارە و دەوەنـە )، گـڕوێ، تیسـوێ ( تیس، گیایەکی دڕکاوی یە ) |
| 46 /( – کێنە ) | ڕەشکێنە، شلکێنە |
| 47/ ( – ۆق ) | بلۆ + ( ـــ ۆق ) ← بلۆق<br>شل + ( ـــ ۆق ) ← شلۆق |
| 48/ ( – وڵ ) | زەنگ + ( ـــ وڵ ) ← زەنگوڵ |
| 49/ ( – ێڵ ) | تـاتێڵ ( دڵخـورتی )، ڕەهـێڵ، تخـێڵ ( تـەخت لەسـەر ئـەرز ڕاکێشان). |
| 50 / ( – ۆت ) | سـاق + ( ـــ ۆت ) ← سـاقۆت ( ئێسـکی ئـەژنۆ)، تانۆت ( خەم وخەفەت ). |
| 51 / ( – اگە ) | بڕبڕاگە، کڕکڕاگە، قورقوراگە |
| 52 / ( – نگ ) | ڕێـژ + ( ـــ نگ ) ← ڕێـژنگ، بـڕنگ (مقەسـتی مـەڕ بڕینەوە) بژنگ ( پارچە ئاگر )، (ڕەشاش) |

53 /( – نووک ) خڕ + ( ـــ نووک ) ← خڕنووک

چڕ + ( ـــ نووک ) ← چڕنووک

54/ ( – وگە ) بست+ ( ـــ وگە ) ← بستوگە (کوپەڵە)

55/( – وانکە ) بەروانکە، مل + وانکە ← ملوانکە

56/( – کۆک ) ژنکۆک، ژن + ( ـــ کۆک ) ← ژنکۆک

**57/( – چکه )** خانوچکه، ڕێچکه

**58/( – گـوزار )** خزمەتگوزار، کارگوزار

**59/( – ەنگاز )** مارانگـاز، خۆرەنگـاز ( خـۆر بـردی ) خـۆر + ( – ەنگـاز ) خۆرەنگاز.

**60/( – ۆشك )** خەبەرۆشك ( چیرۆك )، داپیرۆشك ( جاڵجالۆکه )

**61/( – ەڵـۆك )** بەستەڵۆك، پیرەڵۆك

**62/( – ین )** گـوڵین، سـەرین، جمـین ( بزوتنـی خـەڵکی زۆر )، شـیرین، هەورین، کەمین

**63/( – نه )** ڕۆژنـــه، ڕێژنـــه، ئاونـــه ( لوولـــەی نێرگلـــه )، چـــنگنه ( زیندەوەرێکه به پشتەوە دەنووسێ )

**64/( – وچك )** دار + ( وچك ) ← داروچك، قەپوچك

**65/( – اسك )** تیلم + ( – اسك ) ← تیلماسك

**66/( – ەژنه )** ئاوژنـــه ( کەلێنێکـــه کـــه لـــەکاتی وەســـتانی ئـــاوی لـــێ بەردەدەنەوە )، لاقەژنه

**67/( – نو )** پاژنو، چڕنو

**68/( – تاو )** پانتاو، پاکتاو ( گۆڕاپی سەرچیا )

**69/( – ژ )** تەنگژ، پاك + ( – ژ ) ← پاکژ

**70/( – وەن )** قێزەوەن، پیزەوەن ( جومگه وەرگەڕان )

**71/( – اوەنـد )** زەماوەند، دەماوەند، خواوەند، بەشاوەند

**72/( – یه )** شاد + ( – یه ) ← شادیه

راز + ( – یه ) ← رازیه

**73/( – ەبەر )** تەنگ + ( – ە بەر ) ← تەنگەبەر

**74/( – ەتاو )** تەنگ + ( – ەتاو ) ← تەنگەتاو

75/( – ەتە )      تەوقەتە ( پۆپە )، زەرگ + ( – ەتە ) ← زەرگەتە.

76/( – دانك )      پێودانك ( ئەندازە )، شەشدانك ( تێكڕای مڵك )

77/( – كێ )      تاتكێ ( بڵند كردن و جوڵانەوە )، چاوشاركێ.

78/( – وێشك )      كەروێشك، باوێشك

79/( – رە )      پارچە + ( – رە ) ← پارچەرە، سمۆرە ( سمۆ = كونكەر )

80/( – ەنەك )      كەپ + ( – ەنەك ) ← كەپەنەك

81/( – ەناز )      خاكەناز، سەگەناز

82/( – ادە )      قورادە، پیادە

83/( – ارك )      سیس + ( – ارك ) ← سیسارك، گوژارك

84/( – فە )      شكۆ ( پایە بەرز ) + ( – فە ) ← شكۆفە ( گوڵی دار )

85/( – ەگە )      بنەگە، شلەگە ( جێگەی دادڕینی جۆگە )، كۆڵەگە

86/( – ەندازە )      وەكو پاشگر دەچێتە سەر هەندێك وشەو واتایەكی نوێی پێ دەبەخشێ: – پایە ئەندازە، خاكە نداز ((تیر ئەندازە، سەرەنداز ، بار ئەندان))[1]

87/( – نیا/ەنیا)      دڵنیا، سەرەنیا، ئاوەنیا، (( بەرەنیا ))[2]

88/( – وانە/ەوانە)      پەروانە، دەمەوانە، چەپەوانە، كۆڵوانە

89/( – ۆكێ)      بازبازۆكێ، ماڵ ماڵۆكی

90/( – سك )      چلوسك ( بزۆت )، پلوسك

---

(1) عبەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی كوردی، 266–267.

(2) گیوموكریانی، فەرهەنگی مهاباد، 71.

**91/( – پێك )** دەست + ( – پێك ) ← دەستپێك (دەسپێك)

**92/( – نیار )** کارنیار، پێشنیار ( پێش + ( – نیار ) ← پێشنیار )

**93/( – بەندان )** ڕێبەندان، خەنەبەندان، سەهۆڵبەندان

(

**94/( – گین )** سەر + ( – گین ) ← سەرگین، ژوورگین

**95/( – یانە )** زەنگ + ( – یانە ) ← زەنگیانە، ڕازیانە

**96/( – هۆز )** باهۆز ( گەردەلوول )، ڕاهۆز

**97/( – تکە )** مەلۆتکە، مۆرتکە، شا + تکە ← شاتکە ( شاتکە شێت )

**98/( – ێژ )** شیر + ( – ێژ ) ← شیرێژ، تیرێژ، کرێژ

**99/( – موك )** بزموك، قژموك

**100/( – مانە** دیمانە، گریمانە، متمانە

(

**101/( – ێن )** گلێن، لاوێن، تۆپێن

**102/( – وو )** داسوو، بانوو، کەندوو، ڕۆژوو، پاشوو، جوانوو

**103/( – وێڵە** گورچەوێڵە، دانەوێڵە.

(

**104/( – ار )** دیار لە (( دیتن ) ەوە، نڤ + ( – ار ) ← نڤار، نڤیسار، کۆمار

**105/( – او )** (( گەن + ( – او ) ← گەناو، خونار، زاراو، پاراو

**106/( – ەك** ماستەك، لەرزەك

(

**107/( – یك )** پەل + ( – یك ) ← پەلیك، تاریك، باریك، خدریك، گوڵیك،

( گوریك / گوریکە ) نیسان.

120/ ( – ەلۆخە ) مرد + ( – ەلۆخە ) ← مردەلۆخە

120/ ( – ۆخە ) مرد + ( – ۆخە ) ← مردۆخە

122/ ( – اوی ) خـەماوی، گنجـاوی، مـواوی ( مـو + ( – اوی ) ← مواوی).

123/ ( – اتی ) شەریك + ( – اتی ) ← شەریكاتی، خوشكاتی

124/ ( – ەنی ) گۆت + ( – ەنی ) ← گۆتەنی، بەردەنی

125/ ( – یـن ) كار + ( – ین ) ← كارین، بەفرین، بەردین

126/ ( – ەسات ) كـار + ( – ەسات ) ← كارەســات، مەرگەســات، چركەسات

127/ ( – ەنگ ) كاژ + ( – ەنگ ) ← كاژەنگ

سە + ( – ەنگ ) ← سەرەنگ، خەڕەنگ

128/ ( – و ) كەند + ( – و ) ← كەندو

دان + ( – و ) ← دانو

129/ ( – گیری ) كەنار + ( – گیری ) ← كەنارگیری، دەمارگیری

130/ ( – ەنین ) ناز + ( – ەنین ) ← نازەنین

131/ ( – ەك ) كوڵ + ( – ەك ) ← كوڵەك، كورتەك، بەندەك

132/ ( – ێر ) كاژ + ( – ێر ) ← كاژێر

باژ ( باج ) + ( – ێر ) ← باژێر ( باجێر )، دلێر

133/ ( − ەوایی )  دەست + ( − ەوایی ) ← دەستەوایی

134/ ( − یگە )  تاق + ( − یگە ) ← تاقیگە

135/ ( − گەز )  پاش + ( − گەز ) ← پاشگەز

136/ ( − بێنی )  خاز + ( − بێنی ) ← خازبێنی (خوازبێنی)

137/ ( − گەری )  شانۆ + ( − گەری ) ← شانۆگەری

138/ ( − انەوە )  بریسکانەوە، ڕەنگانەوە

139/ ( − تە )  پۆش + ( − تە ) ← پۆشتە

140/ ( − ەما )  بن + ( − ەما ) ← بنەما

141/ ( − نما/ەنما )  قیبلە + ( − نما ) ← قیبلە نما
کلك + ( − ەنما ) ← کلکەنما ، ڕێنما، بارنما

142/ ( − ژیلکە )  کەف + ە + ( − ژیلکە ) ← کەفەژیلکە

143/ ( − وێ )  کەنار + ( − وێ ) ← کەناروێ

144/ ( − ەنجی )  ناو + ( − ەنجی ) ← ناوەنجی، کوڵەنجی

145/ ( − ك )  شل + ( − ك ) ← شلك، نەرمك

146/ ( − ەر )  لەنگ + ( − ەر ) ← لەنگەر، نوسەر، بیستەر، بڕەر

(

147/ ( – انـه      مۆر + ( — انه ) ←      مۆرانه، مەردانه

(

148/ ( – او )      پاراو، زاراو، کاژاو

149/ ( – یژه      مار + ( — یژه ) ←      ماریژه

(

150/ ( – تاو      مەهـ + ( — تاو ) ←      مەهتاو، پڕتاو، پاکتاو

(

151/ ( – ینه      کەم + ( — ینه ) ←      کەمینه، بەفرینه (ثلجي)

(      مس + ( — ینه ) ←      مسینه (مەسینه)

بەردینه،، دێرینه ( قدیم )، کۆنینه

152/ ( – یـار      بەخت + ( — یار ) ←      بەختیار

(      کەو + ( — یار ) ←      کەویار، پرسیار

153/( – کە )      لوشکە، لەتکە، سۆرکە

154/ ( –ش )      کوڕنو + ( — ش ) ←      کوڕنوش

155/ ( – وا )      کار + ( — وا ) ←      کاروا

ژی + ( — وا ) ←      ژیوا

156/ ( – ۆژه      کرم + ( — ۆژه ) ←      کرمۆژه (گرمۆژه)

(      کارد + ( — ۆژه ) ←      کاردۆژه

157/ ( – ۆخ      مرد + ( — ۆخ ) ←      مردۆخ

(

158/ ( – نیـا      کانه + ( – نیا ) ←      کانـەنیا، دڵ + ( — نیـا ) ←

(      دڵنیا

159/ ( – ینه      کۆن + ینه ←      کۆنینه (الآثار القديمة)،

(      مس + ( — ینه ) ←      مسینه

160/ ( –      هەواڵگری، سەربازگری ( التجنید )

گری )

161/ ( – ەڕۆ ) وشك + ( – ەڕۆ ) ← وشكەڕۆ، سەرەڕۆ، ئاوەڕۆ

162/ یوان ) پشت + ( – یوان ) ← پشتیوان

163/ ( – ندە) باڵ + ( – ندە ) ← باڵندە، بڕندە (قاطع المال).

164/ ( –ەك ) دەستەك، دەڵەك، كوڵەك.

165/ ( – ست ) بارست، زانست، توانست .....

166/ ( – ش / – شت ) : –

1– هەندێ كەس پێیان وایە كە ئەم پاشگرە، هەمان پاشگری ( ش ) ە كە لە زمانی فارسیدا هەیە، لەزمانی كوردیدا هەندێ جار لەبری ( ش )، ( شت ) بەكاردەهێندرێت وەك لە وشەكانی : –

( ڕەوشت، خورشت، گوزارشت... هتد ).

لێرەدا تێبینی ئەوە دەكەین كە : 1– بەكارهێنانی پاشگری ( ش ) لە فارسیدا گەلێك فراوانترە لە

( ش/ شت) ی كوردی.

2– ئەگەر زمانی كوردی ئەم ( ش ) ەی لە فارسی خواستبێتەوە، دەبوایە نەك هەر چەند وشەیەك بەڵكو وشەی زۆر هەبن كە فارسی بن و هاتبنە ناو زمانی كوردییەوە كە ئەم پاشگرە تێیاندا بەرانبەر بە ( شت ) وەستابێ.[1]

پاشگری ( ش ) لە كۆمەڵێك وشەدا دەبینرێ كە كوردیی ڕەسەنن و زاراوەی داڕێژراوی دروست كردووە، وەك : –

((ئارایشت، بڕشت، خارش، خوایش، زانایش، سازاش، فەرمایشت، كاردش، مەندش ))[1].

هەروەها لەچەند وشەیەكی وەك (( گەردش، ماڵشت))[1]، پۆزش، باڵێشت (سەرین).

(1) مەسعود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە،ل 118.

(1) هەژار موكریانی، هەنبانەبۆرینە،ل 236,51,3، 249، 374، 407، 525، 597، 835.

257/ پاشگری ( – ا ) : – ئەم پاشگرە جگەلەوەی کە ئاوەڵناو دادەڕێژێت هەروەك لە پێشەوە باسمان کردووە، هەروەها دەچێتە سەر ژمارەیەکی زۆر وشەی سادەو ناوی داڕێژراو دروست دەکات : –

(( کارا، هێژا ))[2]. پرسا، دانا، نما....هتد.

258/ پاشگری ( – ەند ) : – سەهـ + ( – ەند ) ← سەهەند

سەر + ( – ەند ) ← سەرەند

مام + ( – ەند ) ← مامەند

گەش + ( – ەند ) ← گەشەند

ناو + ( ەند ) ← ناوەند

کەمەند، هەژەند، زەوەند...

ئەم پاشگرە لە هەندێ وشەدا دەتوانرێت چۆنیەتی دروست بوونی ڕوون بکرێتەوە، بە وێنە:–

( وشەی ( کەمەند ) لەوە دەچێ کە لە وشەی کەمەرەوە هاتبێ، وشەی ( سەهەند ) لەگەڵ وشەی

( سەرما ) و ( سەهۆڵ ) یەکبگرێتەوە، یاخود ( ڕەوەند ) لە ( ڕەو )، ( ڕۆیین ) ەوە هاتبێ، بەڵام وشەی ( پەسەند ) سەرچاوەی ڕوونی دیار نی یە )[3].

لە بواری زاراوەسازیدا لە وشەی (( گەش ))، (( هەژان )) ەوە زاراوەی (( گەشەند )) و ((هەژەند )) و بەهۆی ئەم پاشگرەوە داڕێژراوە.

## 2 - داڕشتنی ناو بەیاریدەی پێشگر : -

### یەکەم : پێشگر + ناو : –

أ– ناوی گشتی مرۆڤ : –

---

(2) گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل 509، 570.

(3) هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە،ل 597، 1017

(4) مەسعود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە،ل 161.

(**هاو –**)   هاو + سەر ← هاوسەر

( **هاو –** ) + وڵات ← هاووڵات

( **هاو –** ) + ڕێ ← هاوڕێ

( هاو – ) + ڕاز ← هاوڕاز

ئەم پێشگرە هەندێ جار لە شێوەی ( هام – ) دەردەکەوێت : –

( **هام –** ) + ڕاز ← هامڕاز

(**هەو –**) : – هەو + نشین ← هەونشین ( هەم نشین ).

(**هەو–** ) : – هەندێ جار لەشێوەی پێشگری ( هەڤ – ) دا دەردەکەوێت : –

( **هەڤ –** ) + بەش ← هەڤبەش، هەڤپیشە، هەڤپشك

**ب – ناوی تایبەتی مرۆڤ / ناوی بکەر : –**

( ڕا – ) + بەر ← ڕابەر

## دووەم : – پێشگر + ڕەگ :

1– ( **ڕا** ) : ( ڕا – ) هێن ← ڕاهێن، ڕاسپێر (سپاردن)، ڕاپەڕ (پەڕین)، ڕاگر

2– ( **ڕێ –** ) : ( ڕێ – ) + بین ← ڕێبین، ڕێدار

3– ( **تێ –** ) : ( تێ – ) + بین ← تێبین

4– ( **دا –** ) : ( دا – ) + هێن ← داهێن، دانەر

5– ( **پێ –** ) : ( پێ – ) + ویست ← پێویست، پێخەف

6– ( **لێ –** ) : ( لێ ) + زان ← لێزان

7– ( **هەڵ –** ) : ( هەڵ – ) + کەوت ← هەڵکەوت

8– ( **وا –** ) : ( وا – ) + بەستە ← وابەستە

9– (( **مە –** ) : مەبەست، مەگیرانی )) [1]

---

(1) مامۆستا مەسعود محەمەد پێی وایە کە (مەگیرانی) لە (مایەگیرانی) یەوە هاتووە، (مەبەست) و (مەترسی) لە ( مایە بەست ) و (مایەترس) ەوە هاتووە.

تاوەکو ئێستا بەتەواوی ڕوون نەبۆتەوە مۆرفیمی ( مە – ) کە لەپێش هەندێ وشەوە هاتووە، بنچینەیی یە یاخود پێشگرە. ( پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژووی هەیە ).

10- ( **وەر -** ) : وەرگێڕ، وەرگرە.

## دووەم : **ئاوەڵناوی دارێژراو**

ئاوەڵناوی دارێژراو بەیەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی دادەندرێت، ئەمەیش بەدوو ڕێگا دەبێت : -

1- بەیاریدەی پاشگر.

2- بەیاریدەی پێشگر.

### 1-ئاوەڵناوی چۆنیەتی : -

**أ- ناو + پاشگر :-**

لە زمانی کوردیدا چەند پاشگرێك هەیە، کە دەچنە سەر ناوو دەبنە هۆی دروست کردنی ئاوەڵناوی دلرێژراو، وەك : - ( **- دار، - ناك، - مەند، - وور، - گین، - ۆڵ، - وەر / - ەوەر، - ۆك، - ۆڵە، - ەلە، - یل، - یلە، - ۆکە، - کەلە، - کیلە، -یلکە، - انی، - ولکە..... هتد** ).

1/ پاشگری ( **- دار** ) : زامدار، نازدار

2/ پاشگری ( **- ناك** ) : خەمناك، سامناك، ترسناك

3/ پاشگری ( **- مەند** ) : بەهرەمەند، ئارەزوومەند

4/ پاشگری ( **- وور** ) : ڕەنجوور

5/ پاشگری ( **- گین** ) : خەم + ( - گین ) ← خەمگین

6/ پاشگری ( **- زن** ) : درۆ + ( - زن ) ← درۆزن

7/ پاشگری ( **- وەر / ەوەر** ) : سەروەر، بەختەوەر

8/ پاشگری ( **ۆك -** ) : لەرزۆك، خشۆك.

**ب- ئاوەڵناو + پاشگر : -**

ژمارەیەك پاشگر دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە، ئاوەڵناوی دارێژراو دروست دەکات : -

1- پاشگری ( **- ەڵە** ) : ڕوتەڵە، سەوزەڵە

2- پاشگری ( **- ۆڵ** ) : نەرمۆڵ، ناسکۆڵ

3- پاشگری ( ( **- ۆڵە** ) : نەرمۆڵە، ناسکۆڵە

4- پاشگری ( **- یل** ) : ووردیل، قنجیل

5- پاشگری ( **- وك** ) :   گەرموك، نەرموك

6- پاشگری ( **- ۆكی** ) :  ڕەش + ( - ۆكی ) ← ڕەشۆكی

7- پاشگری ( **- ۆكە** ) :   (( شێتۆكە، ترشۆكە، خڕۆكە، گێلۆكە.... )) (1).

8- پاشگری ( **- كەلە** ) :   سووركەلە، سپیكەلە

9- پاشگری ( **- یلكە** ) :  خڕیلكە، قوتیلكە، ختیلكە

10- پاشگری ( **- كەڵە** ) :  جوانكەڵە، سوركەڵە

11- پاشگری ( **- كە** ) :   جوانكە، سوركە، شینكە

12- پاشگری ( **- كاڵ** ) : - ڕەشكاڵ، سوركاڵ

13- پاشگری ( **- كیلە** ) : - جوانكیلە

14- پاشگری ( **- ۆق** ) : -  شل + ( - ۆق ) ← شلۆق

15- پاشگری ( **- یلانە** ) : - ووردیلانە، خڕیلانە، خنجیلانە

16- پاشگری ( **- ەلانە** ) : - باریك + ( - ەلانە ) ← باریكەلانە

17- پاشگری ( **- كەلانە** ) : - سپیكەلانە، خڕكەلانە، ژیكەلانە

**چەند تێبینییەك : -**

**1- لەناو پاشگرەكاندا ئەمانە ناسادەن : -**

**- كەلە ← ( - كە ) + ( - لە )**

**- كیلە ← ( - كە ) + ( - یلە )**

**- یلكە ← ( - یل ) + ( - كە )**

**- وڵكە ← ( - وڵ ) + ( - كە )**

**2- ((ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ژمارەیەكی زۆریان سیفەت، یان شێوەی گیانلەبەر ( زیندوو ) نیشان دەدەن، وەك ( ناودار، دەوڵەتمەند، خەمگین.... هتد ).**

**هەندێكی دیكەشیان تایبەتن بە نازیندوو، وەك ( تەختانی، ڕووتەن،..... هتد ) كە ئەمانە بە گشتی سیفەتی شوێن دەردەخەن))(1).**

(1) نوری عەلی ئەمین، گرتنی كەلێنێكی تر لە ڕێزمانی كوردی،ل14.

(1) شێركۆ حەمەئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێكسیكی و ڕێزمانییەكان و ئەركیان لە دیالێكتی گۆراندا، ل59.

دوای گۆڕانی مۆرفینی (بە) بۆ مۆرفینی (وە)

بیٚ + بەژن > وە

4- مۆرفیمی ( بیٚ ) لەهەندیٚ وشەدا بەشیٚکی بنجی وشە کەیە, وەك : -

بیٚگانە، بیٚدار..... هتد.

### 3- مۆرفیمی ( لە - ) :

مۆرفیمی ( لە - ) لەگەڵ هەندیٚ وشـەدا وەکـو پیٚشـگر دەوردەبینـیٚ، وشـەی داڕیٚـژراو دروست دەکات. بەلاَم زۆر چالاك نـی یـە و لـەبواری زاراوە سـازیدا، بـواری بـەکارهیٚنانی لـە داڕشتنی وشەدا بەرتەسکە.

- مۆرفیمی ( لە - ) دەچیٚتە سەر ئەم بەشە ئاخاوتنانەی خوارەوەو وشـەی نـویٚ دروسـت دەکات:-

**1- ناوی داڕیٚژراو : -**

لەمیٚژ، لەبار

**2- ئاوەڵناوی داڕیٚژراو : -**

لەڕوو، لەبار، لەناوبەر، لەجیٚ، لەبەردڵان، لەڕك

3- **کاری ناسادە :** - لەناوچوون، لەبەرکردن، لەجیٚ چوون

4- **ئاوەڵکاری چۆنیەتی :** - (( لەپڕ، لەناکاو ))[1]، لەتاو.

5- **لەگەڵ پرپیۆزیشنی ( بۆ ) بەکاردیٚت :** - (( لە + بۆ ← لەبۆ ))[2]

### 4- مۆرفیمی ( بۆ - ) : -


پیٚشگری ( بۆ - ) بەبەریەوە هەیە زاراوەی داڕیٚژراو دروست بکـات لەگـەڵ بەشـیٚك لـەو کارانەی کە بزووتنەوەیان تیٚدایە، وەك : - بۆچوون....

بەلاَم دەبیٚ زاراوە ساز لەم ڕووەوە وشیار بیٚ و بەتایبەتی تیٚبینـی ئـەوەبکات کـە مەیـدانی بەکارهیٚنانی هەر لەگەڵ کارە. [1]

---

(1) گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،ل 548 – 553.

(2) نوری عەلی ئەمین، وشەی نسادە لەزمانی کوردیدا،ل 244.




ژمارەكانی ناو بازنەكان توخمی زمانین، كە دەشیّ هەندێكیان توخمی هاوبەشبن لەگەڵ دوو دیالێكتە دەوڵەمەندەكە، ئەم دوو دیالێكتە هەرچەندە لە ڕووی ڕێزمانەوە زۆر لە یەك نزیكن بەلاّم هەندیّ تایبەتی زاراوەیی خۆیان هەیە.

لە بواری زاراوە سازیدا پێویستە ئەم دیالێكتانە لە بەرچاو بگیرێن. لە بەرئەوەی دەشیّ ببێتە هۆی دانانی دوو زاراوە بۆ هەمان چەمك بۆ نموونە دەشیّ بۆ زاراوەی ( صحة) زاراوەی ( تەندروستی ) یان ( ساخلەمی ) بەكاربێت، بەلاّم دەبێتە هۆیدووانەیی لە زاراوە داناندا، وەك چەندان و چەندان زاراوەی دیكە))(1).

(1) محەمەد وەسمان، گیرو گرفتەكانی زاراوە دانان لە زمانی كوردیدا،ل 52 –53.

